# هاوار– ئەزموون: خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ ئەحلام مەنسوور

خەلیل سەلیم


## ● پوختە:

ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکی دەروونییە لەبارەی پەڕتووکی (هاوار)ی ئەحلام مەنسوور، کە خۆی لە چوارچێوەی سێ تێگەی دەروونییەوە دەبینێتەوە. ئەو تێگانەش بریتیین لە: شێوازی ژیان، دەمامک و ئازادی ئەرێنی. لەم خوێندنەوەیدا سەرەتا هەوڵدراوە؛ تێگە دەروونییەکان بە شێوەیەکی تیۆری باس بکرێن و لە دواتریشدا لە چوارچێوەی ئەم تێگانەوە، لەبارەی ئەم پەڕتووکەوە قسەبکرێت.


## ● پێشەکی:

پەڕتووکی "هاوار"، کە لە نووسینی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کورد ئەحلام مەنسوورە، لە ساڵی ٢٠٠٩، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر، لە چاپ دراوە. ئەم پەڕتووکە بریتییە لە ٨٦ لاپەڕە، کە سەرتاپای بریتییە

لە باسکردنی ئەزموونی خۆی. شایەنی ئاماژەبۆکردنە، باسکردنی نووسەر لە ئەزموونی خۆی، یاخود بڵاوکردنەوەی پەڕتوکێک لە چوارچێوەی ئەزموون، یەکەم کاری نووسەر نەبووە، بەڵکوو پێشووتریش پەڕتووکی تری، لەمەڕ ئەزموونی خۆی لەچاپداوە، بەنێوی "گرەوی چاوەکانی ئەم-ئەزموو"، بەڵام ڕەنگە ئەم پەڕتووکە ٨٦ لاپەڕەیەی نووسەر، کە چوار ساڵ بەر لە مردنی نووسیویەتی، زیاتر جێگەی سەرەنجبێت، چونکە لە خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکە ئەوە دەردەکەوێت، کە چۆن نووسەر هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە سەر چەند بابەتێک لەمانەش: خۆشەویستیی، ئازادیی، تابۆکان و ژێردەستەیی و ... تاد.

خوێندنەوە بۆ ئەم پەڕتووکە، لە چوارچێوەی هەندێ ڕەهەندی دەروونی خۆی دەبینێتەوە، کە نووسەر لەم پەڕتووکە ئەزموونەیەوە ئاماژەی بۆ دەکات. بۆیە لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدرێت، لە چوارچێوەی چەند تێگەیەکی دەروونشیکارییەوە، کە هەریەک لەم تێگەیانە لە داهێنانی کەسایەتییەکی دیاری نێو بواری دەروونزانین، شرۆڤەییێک بۆ ئەم پەڕتووکە بکرێت. تێگەکانیش بریتیین لە: "شێوازی ژیان"، "پێرسۆنا" و "ئازادی پۆزەتیف."

**١- شێوازی ژیان (Life Style):**

ئەم تێگەیە، لە داهێنانی بیرمەندی بواری دەروونزانی ئەلفرێد ئادلەرە (١٨٧٠-١٩٤٧). دەتوانین بڵێین، کە ئەم تێگەیە لەناو کارەکانی ئادلەردا، شوێنێکی سەنتەری گرتووە، چونکە ئادلەر گرینگییەکی زۆری بەم تێگەیە داوە و هەوڵی داوە، کە زۆرێک لە هزرە شیکارییەکانی خۆی لەبارەی کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم تێگەیەوە بخاتە ڕوو. (١)

لە ڕوانگەی ئادلەرەوە، شێوازی ژیان بریتییە لەو شێوازە تایبەتەی، کە هەرتاکێک لە ئێمە دەیگرێتە بەر، بۆ ئەوەی گوزارشت لەخۆی بکات. سەرباری ئەوەش ئەو پیی وایە شێوازی ژیانی هەر تاکێک جیاوزە لەگەڵ یەکێکی تر، چونکە هەر تاکێک، هەڵگری شێوازێکی

تایبەتە لە سـیفات و تێگەیشـتن لە کولتوور و دابونەریت. هەروەک چۆن فرۆید درووستبوونی کەسایەتی مرۆڤ، بە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنـی منداڵییـەوە گرێدەدات، ئادلەریش بەهەمان شـێوە قۆناغی سـەرەتایی لە ژیانی تاک، بە درووسـتکاری تەواوی شـێوازی ژیانی کەسـایەتییەکان دەستنیشان دەکات. بۆیەش پێی وایە، کە شێوازی ژیـان وەک دەرەنجامی مامەڵەکردنی دایک/باوک لە تەمەنی چوار تا پێنج سـاڵی لەتەمەنی منداڵ فۆڕموولە دەبێت. لەگەڵ ئەمانەشـدا، پێی وایە دوای جێگیربوونی (Fixing) شـێوازی ژیان لەم قۆناغەدا —واتە قۆناغی منداڵی ٤-٥ سـاڵی- ئیتر دەسـتکاریکردن و گۆڕینی شـێوازی ژیان ئەگەر بـە جێگیریش نەمێنێتەوە، ئـەوا گۆڕینی زۆر سەخت دەبێت. (٢)

ئادلـەر پێی وایـە، کە مرۆڤ لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەسـانی تردا، ڕووبەڕووی چەند کێشـەیەک لە ژیاندا دەبێتەوە، بۆیەش وەک دەرەنجامێـک بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، تاک چوار شـێوازی بنەڕەتی دەگرێتە بەر، ئەمانیش:

١- ویستی کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندن.

٢- ویستی پشتبەستن بەکەسانی تر.

٣- دوورەپەرێزی.

٤- خواستراو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. (٣)

ئەوەی مەبەست بێت لەم خوێندنەوەیەدا، خاڵی چوارەمە، کە نووسەر لەم پەڕتووکەدا وەک شێوازێکی ژیانی خۆی گرتوویەتیە بەر، چونکە کەسایەتی خواستراو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جۆرێکە لە کەسایەتی، کە ویسـتی یارمەتیدانی کەسـانی تری هەیە بەگوێرەی ئەوەی، کە کەسەکە دەیەوێت. شایەنی باسە شێوازی ژیانی هەر کەسێک تایبەتە بە خۆی. واتە ناکرێت بەراوردی بکەین بەکەسێکی تر.

بـە خوێندنـەوەی ئـەم پەڕتووکە، شـێوازی ژیانی نووسـەر، وەک تابلۆیەکی نەخشـێندراو خۆی پێشـان دەدات، چونکە نووسینەکەی ئەوەمـان بۆ دەردەخات، کە نووسـەر نە ویسـتی خۆسـەپێنی، نە خولیای دوورەپەرێزی و پشتبەستنیشی بەکەسانی تر هەیە، بەڵکوو

دەیەوێت لە ڕێگەی نووسینەکانی نەهامەتییەکانی ژیانی کەسانی کۆمەڵگەکەی باس بکات و لە پەڕتووکێکدا هەوڵ و تێکۆشانەکانی بەرگریکردن لە ماف و ئازادی ئەواندا بخاتە ڕوو.

ئەم پەڕتووکە- هاوار- هەروەک چۆن ناوی هاوارە، هاوارێکیشە بۆ ئەو کەسانەی، کە بەهۆی یاسای کۆمەڵایەتی و دابونەریتەوە، ماکی گوناهیان گرتووە، تاکوو ئەوان دالّدە بدات و پێنووسەکەی بکات بە قەڵغانی پاراستنیان. "وا خەریکە دەبمە ژەنەڕالی ژان و گوناه و هەنگاوەکانیشم سەربەست، مەقەسی سەرەنجەکانم باڵای دوژمنەکانمە، تازە من و مەسیح بڕیاری خۆمان داوە، وەرن یەکە یەکە بەهەموو خراپی ڕووڕەشییەکەوە لەنێو دەریای بیبیلەی چاوەکانما مەلە بکەن، پاک ببنەوە، دەریای بیبیلەکانم وا خەریکن وەک ئەلوەن لافاو دەکەن... تاد" (٤)

نووسەر لە چەند شوێنێک ئاماژە بەوە دەدات، کە پێنووس دەبێت لەخزمەت کۆمەڵ بێت و نابێت نووسەر ببێتە داردەستی کەسانی تر و بۆ بەرژەوەندی ماددی پێنووسەکەی بەکاربهێنێت.

"- نووسین بۆ گەل سوودی هەیە.
- نووسەر سامانی نەتەوایەتییە.
- هەڵوێست و شارستانییە.
- نووسەر گەواهی سەردەمی خۆیەتی." (٥)

سەرباری ئەمەش لە چوارچێوەی ئەم پەڕتووکەدا دەبینین، کە شێوازی ژیانی نووسەر هەمیشە کێشمەکێش بووە، لەگەڵ کەسانی چواردەوری، بەتایبەت دایکی؛ داوای ئەوەی لێدەکەن، کە پێویستە وەک ئەوە بێت، کە دابونەریت بۆی دیاریکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی، کە نووسەر شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرگیز ناچێتە ژێرباری ئەم یاسایانە و بە شێوەیەکی دژبەرەکانە، دەیەوێت بەردەوامی بدات بە ژیانی، تاوەک هەرچی یاسایەکی کۆمەڵایەتیی نەرێنی هەیە، بۆی نەبێتە تابۆ و هەمیشە هەوڵی شکاندنیان بدات. ئەگەر چی لە هەندێک شوێندا، تووشی نائومێدی دەبێت، بەڵام هەرگیز کۆڵنادات و بەردەوامی دەدات بە شێوازی خۆی. "ئەی ئەوە

نییە هەمیشە دایکم پێم دەڵێ وەک خەڵکی ڕەفتار بکەم، ناچاریشم دەکات ختۆکی بدەم.. دەڵێم:

- مەتەڵ لە باند نووسینم ناو دچدە ناو تاریخ.

بەقەد دوو هەزار کیلۆ مەتر جڕتێکم بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

- باوک لە قنگ خۆد تاریخد بخۆد، خۆ شـرین و فەرهاد نینوسـید؟ ...تاد" (٦)

لـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت، کـە شـێوازی خواسـتراو، لـە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە شێوازی ژیانی نووسەرداڕەنگ دەداتەوە، چونکە هەرچەندێـک، کە دژ بە دابونەریتی کۆمەڵگە دەوەسـتێتەوە، بەڵام ئاواتـی ئەوەیە، کە کۆمەڵگە لە ژیانێکی نەریتی نەرێنییەوە بگۆڕێت بۆ ژیانێکی نەریتی ئەرێنی.

**٢- نائامادەیی پێرسۆنا (Persona):**

پێرسۆنا، وشەیەکی لاتینییە و واتای دەمامک دەگەیەنێت. لەسەردەمی یۆنانییەکان، شانۆکارە یۆنانییەکان بۆ شاردنەوەی ڕووخساری خۆیان لەسەر شانۆ، بەکاریان دەهێنا، بەڵام لە دواتردا کارل گۆستاف یۆنگ (Carl Gustav Jung) ١٨٧٥-١٩٦١، ئـەم تێگەیـەی بـۆ کارە دەروونشیکارییەکانی خۆی، بەکار هێنا. (٧) یۆنگ بە سوودوەرگرتن لەم تێگەیە، هەوڵی ئەوە دەدات، شـیکاریی بۆ ئەو کەسـانە بکات، کە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆیانیان پێدەشارنەوە و بۆ ڕەفتارکردن لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ کەسانی تر، خۆیان بە شێوەیەکی دی، دەربخەن. بە واتایەکی تر، ئەم تێگەیە واتای شـاردنەوەی ڕاسـتییەتی خود و داپۆشـینی بە هەندێ ڕەفتار و جووڵـە، کە جێگەی ڕەزامەندی ئەو کەسـانەبێت، کە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکـەن. ڕەفتارنواندنی دەمامک ئاسا، لە کاتی قۆناغی کامڵیدا دەبێتە بەشێکی گرینگ لە کەسایەتی دەروونی مرۆڤدا و لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. (٨) ئەوەی جێگەی سەرەنج بێت ئەوەیە، کە دەبینین نووسەر لەم پەڕتووکەدا، زۆر بە ڕاشکاوانە گوزارشـت لە ڕەفتارەکانی خۆی دەکات و گوێ بەو ویسـتانە نادات، کـە کۆمەڵگە و دابونەریت داوای لێدەکەن، بۆیەش لەم پەڕتووکەدا،

نووسەر بە بێگوێدان بە دەمامک، ڕەفتاری خۆی پێشان دەدات.
لە کۆمەڵگەیەکدا، کە تەژی بێت لە نەریت و تابۆ؛ ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت بە ئازادییەکی ڕەها ژیان بگوزەرێنێت. جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەدا درووست بکات، ناچارە بەوەی، کە دەمامکێک بپۆشێ تا ڕاستییەتی خۆی بشارێتەوە و بە شێوازێک ڕەنگداری بکات، کە کۆمەڵگە پێی ڕەوابێت. لێ سەرباری ئەوانەش نووسەر هەمیشە دەمامکی ڕەتکردۆتەوە. "هەست و نەست و ئاگایی نائاگاییم تووشی نەزیفێکی سەیر هاتوون، بەهەر حاڵ فلیمێک بوو منیش ڕۆڵی ئەکتەرێکی سەیرم تێدا دەبینی، قەد دەمامکم لەڕووم نەکرد، بەڵام تۆی دەرهێنەر زۆر پۆدرە و سپیاوت بەکار دەهێنا، ماکیاجچییەکی سەیر بووی ...تاد" (٩)
لەگەڵ ئەمانەشدا، لەم پەڕتووکەدا دەبینین، کە نووسەر هەمیشە باس لە ڕاستییەتی خود دەکات و بەبێ پۆشینی دەمامکی خواستراوی کۆمەڵگە. بە سەرەنجدانی ئەم پەڕتووکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەمامکپۆشی لە ژیانی نووسەردا، جێگەیەکی نەماوەتەوە. هەرکات شتێک بەڕەوا بزانێت، بە ڕەواییش گۆی کردووە. هیچکات کۆمەڵگە نەیتووانیوە ناچاری بکات، کە ژیانی لە چوارچێوەی خواستی خۆیدا بۆی دیاری بکات، بەڵکوو ئەو هەمیشە بۆ باسکردن و ڕەفتارکردن، خۆی بەبێ دەمامک دەرخستووە. "لەم ژوورە زیندانەدا سەربەستم، بەندیخانەیەکی تاقە کەسییە و وێنەی ئەلبێر کامۆش لەسەر دیوارەکەیەتی، ئەلبێر کامۆش سەرەنج دەدا چۆن دەرپێکەم دادەکەنم لە لێوانییەوە ئەو ڕستەیە دەبارێ:
- تۆ بە بێهوودەیی دەرپێ دادەکەنیت، دەرپێکەی تۆ لە بەردەکەی سیزیف دەچێ، ...تاد." (١٠)
زیادەڕۆیی نییە، کە بڵێین ئەم پەڕتووکە دەرخەری ژیانی کەسێکە، کە هیچ کات کۆمەڵگە بەسەریدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو ئەو هەمیشە ئازادانە بەسەر خواستی کۆمەڵگەدا سەرکەوتووە.

**٣- تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئازادییەکی پۆزەتیڤ:**

ئێریک فرۆم ١٩٠٠-١٩٨٠ (Eric From)، لە باسکردن بۆ بەدەستهێنانی ئـازادی لـەلای مرۆڤدا، گریمانـەی دوو جۆر لە ئـازادی دەکات، کە ئەمانیش بەدەسـتهێنانی ئـازادی نەرێنی و ئـازادی ئەرێنییە. فرۆم پێیوایـە؛ مرۆڤەکان هەمیشـە لە گەڕان بـەدوای ئازادیدا، دوو ڕێگە دەگرنـە بـەر، کە یەکەمیان ئەوەیە؛ تاک لەپێناوی ئەوەی ئاسـیش وەدەسـتبخات، خۆی ناچار بەوەدەکات، کە بوونی بسپێرێ بە کاری بەرهەمهێنـان و یەکێتـی خۆی لە گەڵ سرووشـت لەدەسـت بدات. ئەم جۆرە هەوڵدانەی تاک، بۆ بەدەسـتهێنانی ئاسایش، لە ڕوانگەی فرۆمـەوە، بە ئازادییێکـی نێگەتیڤ دادەنرێت، چونکـە لەم دۆخەدا مرۆڤ بە شێوەیەکی ماسۆشییانە، لەپێناو وەدەستخستنی ئازادیدا، ژیان دەگوزەرێنێت. (١١)

لەگەڵ ئەوەشـدا فرۆم پێیوایە کاتێک، کە مرۆڤ توانی سـەرلەنوێ پێوەنـدی لەگـەڵ سرووشـتدا درووسـت بکاتـەوە، بەبـێ ئـەوەی دەسـتبەرداری کەرامـەت و ئـازادی تاکەکەسـی خـۆی بێـت، ئەوا ڕێگەیەکی گونجاوە بەرەو بەدەستهێنانی ئازادییەکی پۆزەتیڤ، چونکە تاک لەم جۆرەی ئازادییەدا، لە ڕێگەی کارکردن و خۆشەویستییەوە، دەتوانێت لەگەڵ کەسانی چواردەوریدا یەکبگرێتەوە و کەرامەتی خۆی و ناسنامەی مرۆڤبوونی، لەدەست نەدات. (١٢)

وەک لە پێشـووتردا ئاماژەمان بەوەدا، کە مرۆڤ بۆ بەدەسـتهێنانی ئازادیی، ناچارە دوو ڕێگە بگرێتە بەر، بەڵام ڕێگەیەکیان ئازادییەکە، کە تەنیا لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی ئاسایشدا خۆی دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا بۆ دەستخسـتنی ئازادی ئەرێنی، لەدەسـەتنەدانی ناسنامەی گەرەکە. لەوما ئەوەی جێگەی سەرەنج بێت لەم پەڕتووکە ئەوەیە، کە نووسەر ئەدای ئازادییەک دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک کەرامەت و مرۆڤبوونی خۆی لەدەسـت نادات، بەڵکوو هەمیشـە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ناسنامەی خۆی، پشتی کردۆتە سەرمایە و ماددە.

ئەم-ئەحـلام- دەیەوێـت ژیانێـک بژیـت، کە لـە ڕێگـەی کارکردن

و ماندووبوونی خۆی بێت، نەوەک کەسێکی نامۆبێت و لەترسی لەدەستدانی ئاسایشی خۆی، ناچار بکرێت بە جۆرێک لە ژیان، کە مرۆڤبوونی خۆی پێلەدەست بدات. "من هەمیشە فێرم ڕووبەڕووی مەینەتییەکان دەبمەوە، خۆمم نەدۆڕاند و ... تاد" (١٣)

سەرباری ئەمەش، نووسەر بەوەش نەوەستاوە، بەڵکوو بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە، ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت، کە بۆ بەدەستهێنانی مادده و ناوبانگ، ئازادی خۆیان دەخەنە ژێر باری پرسیارەوە.

"مارکس دەڵێ:

- مرۆڤ بەرزترین سەرمایەیە.

فۆکۆش دەڵێ:

- مرۆڤ مرد.

منیش دەڵێم:

- ئەگەر خوێن نەوت بوایە، هەموو ڕۆژێ خۆی لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشت." (١٤)

لە سەرەتای پەڕتووکەوە تا کۆتایی، نووسەر هەمیشە ویستوویەتی ئازادییەک بژێت، کە نە خۆی بفرۆشێت و نە ببێت بە پاشکۆی کەس. تەنانەت کاتێک لەو پەڕتووکەدا، کۆتایی بە نووسینەکانی دەهێنێت، وەک ئەوەی وەبیرمان بێنێتەوە دەڵێت: "من ئەحلام مەنسوورم، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا هەیە، ئەوە کوێرن، نامبینن؟ من هەمووتان دەبینم، خۆم نافرۆشم نا ..." (١٥)

## ● ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم خوێندنەوەیەدا، دەگەین بە چەند ئەنجامێک، ئەمیش ئەوەیە، کە ئەم پەڕتووکە هەڵگری چەندڕەهەندێکی دەروونییە، کە لە کەسایەتی نووسەردا خۆی دەردەخات. هەروەها نووسەر شێوازێک لەژیانی هەڵبژاردووە، کە تایبەتە بە خودی خۆی و هەمیشە ئەو شێوازەی ژیانیشی، هەڵگری پەیامێکی هاوکاری و مرۆڤدۆستییە. سەرباری ئەمەش، نووسەر هەمیشە ویستوویەتی بە ڕاشکاوانە بپەیڤێ و لە کۆمەڵگەدا، بە ڕاستگۆیی و بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەمامکێک،

کە ڕاستییەتی ئەو بشارێتەوە ڕەفتار بکات، بەڵکوو هەمیشە خودی ڕاستەقینەی خۆی، پێشانی کۆمەڵگە داوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نووسەر هەمیشە لە پێناو وەدەستخستنی ئازادیی، ڕێگایەکی ڕاستی گرتۆتەبەر. ئەم –ئەحلام– نەیویستووە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش، ئازادی خۆی لەدەست بدات، بەڵکوو لە ڕێگەی گەڕان بەدوای ئازادیدا، هەمیشە یەکێتی و مرۆڤبوونی خۆی پاراستووە.

## • سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- شاملۆ، سەعید، قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی، و. محمد، فرمێسک رزگار و عەلی، سیدۆ داود ، چ١، سلێمانی: گەنج، ٢٠١٠، ل. ١٣٨.
٢- سنچولی، احمد و کیچی، زهرا، تحلیل شخصیت دمنه با تکیهبر نظریرو انشناسی فردي آلفرد آدلر، ٢٠١٤، ژ: ٢٢٩، زبان وادبفارسی (نشری سابق دانشکدة ادبیات دانشگاه تبریز).
٣- نباشری، محبوبه، نقد روان کاویه شخصیت در داستان پادشاه جهود و وزیر مثنوی معنوی بر اساس نظریه الفرد ادلر، ماڵپەڕی ئەنجوومەنی فارسی، ٢٠١٧. www.anjomanfarsi.ir/pdf/pa٨/١١٢٣.pdf (٢٠١٧/١/٢٦)
٤- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، هەولێر: ئاراس ، ٢٠٠٩، ل. ٥٤.
٥- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، س. پ، ل. ٤٩-٥٠.
٦- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، س. پ، ل. ٣٨.
٧- گۆستاف یۆنگ، کارل، مرۆڤ و هێماکانی، و. ئاوات ئەحمەد، سلێمانی: سەردەم، ٢٠٠٥، چ١، ل. ١٧.
٨- احمد عزیز، عزالدین، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠، چ١، ل. ١٩٣.
٩- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، س. پ، ل. ٤٥.
١٠- ئەحلام مەنسوور، س. پ، ل. ٦٠.
١١- نوابخش، میهرداد و کەرەمی، ئەمین، مەعریفە و فرانکفۆرد، و. سۆران کەسنەزانی، هەڵەبجە: هەژار موکریانی، ٢٠١٢، ل. ١٣١.
١٢- فرۆم، ئێریک، هەڵهاتن لە ئازادی، و. هەژار جوانڕۆیی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٦، ل. ٢١١.
١٣- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، ه.س. پ، ل. ٨١.
١٤- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، ه. س. پ، ل. ٦٠.
١٥- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، ه. س. پ، ل. ٨٦.